لیژنەی نێودەوڵەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانیی ئەمریکا بۆ ئازادی ئایینی *(USCIRF)* بریتیە لە کەیانێکی جیاواز و سەربەخۆ لە وەزارەتی دەرەوە. ئەم لیژنەیە لەلایەن کۆنگرێسی ئەمریکیەوە دامەزراوە کە لیژنەیەکی سەربەخۆیە و راوێژ دەکرێت لەلایەن حکومەتی ئەمریکی هەردووك حیزبی سەرەکی کە چاودێری ئازادی ئایینی لە سەرتانسەری جیهان دەکات و رێنماییی سیاسی پێشکەش بە سەرۆك و وەزیری دەرەوە و گۆنگرێسی ئەمریکی دەکات. لیژنەی*USCIRF* ئەم رێنماییانە سەرچاوەدگرێت لە دەسەڵاتی یاسایی ئێمە و ستاندەرەکانی ناو جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و دۆکیومێنتە جیهانیەکانی تر. راپۆرتی ساڵانەی 2015 ئەنجامی ساڵێك کارکردنی کۆمیسیار و ستافە پرۆڤێشناڵەکانە بۆ بە بەڵگەنامەکردنی سەرپێچیەکانی لەسەر زەوی و پێشکەش کردنی رێنمایی سیاسی سەربەخۆ بۆ حکومەتی ئەمریکی. راپۆرتی ساڵی 2015 روماڵی ماوەی نێوان 31 ی کانونی دووەمی 2014 تا 31 کانونی دووەمی 2015 دەکات هەرچەندە لە هەندێك حاڵەتدا رووداوی گرنگ ناوهێنراوە کە دوای ئەم ماوەیە رویانداوە.

عێراق

**دەرئەنجامە سەرەکیەکان:** بەشێوەیەکی گشتی رەوشی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق ، لەوانەش ئازادی ئایینی بەشێوەیەکی بەرچاوە خراپوو لە ساڵی 2014 وە بەتایبەتی لەم ناوچانەی کە کۆنترۆڵ دەکرێن لەلایەن گروپی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام ( داعش) کە لەلایەن ئەمریکاوە وەکو گروپێکی تیرۆرستی ناسێنراوە. حکومەتی عێراقی لەم ناوچانەی عێراق توانای کەمی هەیە بۆ وەستاندنی پێشرەویەکانی داعش و پاراستنی کەمینە ئایینەکان دژی هێرش و توندوتیژی. داعش هەموو ئەم کەسانە دەکاتە ئامانج کە دژی ئایدەلۆجیا ئایینە توندرەوەکانی دەوەستن، بەڵام بچوکترین کەمینە ئایینە نامسوڵمانەکان بەتایبەتی ئێزیدی و کریستیانەکان درندانەترین و زۆترین پشکی دەستدرێژی کردنە سەریان بەرکەوتوە. سەرەرای ئەوەی کە داعش زۆرترین و درندەترین ئەنجامدەری پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و ئازادی ئایینی بووە لە عێراق لە ساڵی رابردوو ، بەڵام حکومەتی عێراقیش بەشدار بووە لە تێکچوونی باری ئازادیی ئایینی . هێزە ئەمنیەکان و ملیشیا شیعیەکان کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە پاڵپشتی دەکرێن پێشێلکاری ترسناکی مافی مرۆڤیان ئەنجامداوە ، بەتایبەتی دژی سوننەکان. میلیۆنەها عێراقی ئێستا پەناهەندەن یان لە ئاستی ناوخۆییەوە ئاوارە بوونە. بەگوێرەی ئەم پێشێلکاریانە کە بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن کەسانی دەرەوەی ناحکومی و لەلایەن حکومەتیشەوە ئەنجامدراون، USCIRF پێشنیار دەکات کە لە ساڵی 2015  حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا عێراق وەکو وڵاتی سەرچاوەی نیگەرانی تایبەتی دیاریبکات بەگوێرەی یاسایی ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی (IRFA).  لیژنەی USCIRF پێشنیاری ناساندنی عێراق وەکو وڵاتی سەرچاوەی نیگەرانی تایبەتی  کردووە لەوەتەی ساڵی 2008. بەڵام عێراقی دوای سەدام هەرگیز وەکو وڵاتی سەرچاوەی نیگەرانی تایبەتی دیاری نەکراوە لەلایەن وەزارەتی دەرەوە.

**باکگراوند**

حکومەتی عێراقی لەژێر فەرمانرەوایی سەدام حسین ئاشتی ئایینی پاراست لەرێگەی ترساندن و تۆقاندن لەم کاتەی کەمینەی مسوڵمانی سونی لە پێشەوە دانابو. لەدوای روخانی سەردام لە 2003  ناکۆکی تایفی تەقیەوە. زۆرینەی مسوڵمانی شیعە حکومەتیان کۆنترۆڵ کرد و تارادەیەکی زۆر دانیشتوانی سوننەیان پەکخست.  حکومەتی عێراقی لەژێر فەرمانرەوایی سەرۆکی وەزیران نوری مالیکی زۆرجار بەشێوەیەکی سەرکوتکەر و تایفیانە مامەڵەی دەکرد . بۆ نمونە هێرش کردن و بڵاوە پێکردنی نارەزایی ئاشتیانەی سوننەکان و بە ئامانجگرتنی ناوچە و  هاوڵاتی و سیاسیە سونیەکان لە هەڵمەتە ئەمنیەکان و دەستگیر کردن و مامەڵەکردنی نەشیاو لەگەڵ بەندکراوە سوننەکان و بەلاوەنانی سوننە لە پۆستەکانی حکومەت و هێزە ئەمنیەکان. ئەم هۆکارانە هاریکار بوون بو سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی داعش و پاشان کۆنترۆڵ کردنی بەشێکی زۆر لە باکور و ناوەراستی عێراق. سەرباری دەست لەکارکێشانەوەی مالیکی جێگرتنەوەی لەلایەن سەرۆك وەزیری نوێ حەیدەر عەبادی ، بەڵام تورەیی سونەکان و راپۆرتەکانی پێشێلکاریەکانی دژ بە مسوڵمانە سوننەکان لە لایەن هێزە ئەمنیەکان و ملیشیا شیعیەکان بەردەوامە.

لەم دەیەی رابردودا چەندین عێراقی مسوڵمان و نامسوڵمان وەکو یەك بونەتە قوربانی دەستی توندوتیژی ئایینی. حکومەتی عێراقی سەلماندویەتی کە ناتوانێت یان نایەوێت توندوتیژی بوەستێنێت یان ئەنجامدەرانی پەڵکێشی دادگا بکات ، کە ئەمەش

هەستی نائارامی بەشێوەیەکی بەردەوام بۆ هەموو کۆمەڵگا ئاینیەکان دروست کردوە بەتایبەت بۆ کەمینەکان. لەم کاتەی کە دەستوری ساڵی 2005 ی عێراق دەڵێت کە زامنی یەکسانی و ئازادی ئایینی بۆ هەمو عێراقیەکان کردوە ، بەڵام ئەم زامن کردنە تاکو ئێستا پاراستن و ئاسایشی کەمی دابین کردوە بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتی لە ساڵی رابردوودا.

هەتاکو پێش سەرهەڵدانی رێکخراوی داعشیش ، بچوکترین کەمینە ئاینیەکانی وولات کە بریتین لە کاسۆلیك و کریستیانی ئۆرسۆدۆکس و پرۆتستانت و یەزیدیەکان و سابیئەی مەندەیی تەنها ئامادەبوونێکی زۆر کەمیان هەبوو. پێش ساڵی 2003 ، رێژەی نامسوڵمانەکان تەنها سەدا 3ی دانیشتوانی عێراق بوون. ئەم کەمینانە روبەروی جیاوازی زۆری کۆمەڵایەتی و پەراوێزخستن لەلایەن حکومەتەوە بوونەتەوە وە بەهۆی بچوکی قەبارەیان و نەبوونی هێزی ملیشیا و هۆزگەری نەیانتوانیوە بەرگری لەخۆیان بکەن دژی توندوتیژی یان مافەکانیان بپارێزن لە سیستەمی سیاسی عێراق. لە ساڵی 2013 ژمارەی کریستیانەکان بە 500,000دەخەملێنرا کە نیوەی ئەم ژمارەیە کە لە ساڵی 2003 وە دەخەمڵێنرا. هەروەها لە ساڵی 2013 یەزیدیەکان رایانگەیاند کە ژمارەی دانیشتوانیان لەوەتەی 2005 وە نزکیەی 200000 بۆ 500000 کەم بۆتەوە ، وە دانیشتوانی سابیئەی مەندەییش رایانگەیاند کە سەدا 90 ی خەڵکەکانیان وڵاتیان بەجێهێشتوە یان کوژراون وە تەنها چەند هەزارێکیان ماون. قەبارەی ئەم کەمینانە بەردەوام لە کەمبونەوەدایە لەم کاتەی قەیرانەکان لە عێراق قوڵتر دەبنەوە لە کاتێکدا سەرکردەکانی کریستیانەکانی عێراق دەڵێن ژمارەی کریستیانەکان تەنها لە نێوان 250000 بۆ 300000 هەزار کەسن. لە نێوان ساڵانی 2003 و 2008 چەندین ئەندامی کەمینە بچوکەکانی عێراق لە وڵات بەدەرنراون یان بۆ باکوری عێراق هەڵاتون لەوانەش بۆ هەرێمی کوردستان و هەندێك ناوچەی دەوروبەری ئەم ناوچانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیدان. ناوچەکانی هەرێمی کوردستان ئارامترین شوێنی عێراق بوون ، بەڵام کەمینەکانی ناوچە ناکۆکەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی و حکومەتی ناوەندی عێراقی رایانگەیاندوە کە توشی پاڵەپەستۆ بونەوەتەوە لەلایەن بەرپرسانی کوردی و حیزبە سیاسیەکانی بۆ پاڵپشتی کردن لە داواکردنی ئەم ناوچانە لەلایەن کوردەکان.

**باری ئازادی ئایینی 2014-2015**

**سەرپێچ ئەنجامدراو لەلایەن داعش و بکەرانی ناحکومی:** سەرهەڵدانی داعش و بڵاوبونەوەی و لەکۆتاییدا راگەیاندنی خۆیان لە حوزەیرانی 2014 وە بەناوی دەوڵەتی ئیسلامی بەدرێژایی عێراق و سوریا بەشێوەیەکی تایبەتی هەرەشە لە داهاتووی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی ئایینی لە عێراق و ناوچەکە دەکات . داعش ئایدەلۆجیایەکی ئایینی زۆر توندرەوانە پەیرەو دەکات کە رێگە بە فرە ئایینی نادات. لە کاتێکدا داعش هەمو ئەم عێراقیانە دەکاتە ئامانج کە بەرهەڵستی دەکەن، بۆیە بەشێوەیەکی تایبەتی کەمینە ئاینیەکان توشی توندوتیژی زۆر و وێرانکەر بوونەوەتەوە وەکو دەرکردنیان لە نیشتمانیَ مێژوویی خۆیان و گۆرینی ئاینیەکان بە زەبری هێز و ئەتك کردن و بە کۆیلە کردنی ئافرەت و منداڵ و ئەشکەنجەدان و سەربرین و بەکۆمەڵ کوشتن. دەکرێت دەستبەسەر داگرتنی باکوری عێراق نیشانەیەکی رون بێت بۆ کۆتایی هاتنی مێژویی بوونی یەزیدی و کریستیانەکان لەم ناوچەیە.

لە مانگی حوزەیرانی 2014 داعش دەستی بەسەر شاری موسڵدا گرت و هێزە عێراقیەکانی دەرکرد پاش ئەوەی چەکەکانیان فرێداو هەڵاتن. داعش ئاگاداریەکی دەرکرد کە پێویست دەکات هەموو کریستیانەکان ببنە مسوڵمان یان موسڵ بەجێ‌َ بهێڵن وەیان باج و جزیە بدەن یان رووبەروی مردن ببنەوە. مێژووی بونی کریستیانەکان لە موسڵ بۆ 1700 ساڵ پێش ئێستا دەگەرێتەوە کە مەزندە دەکرا ژماری کریستیانەکان 30 هەزار کەس بوو بێت پێش هێرشی داعش. لە مانگی ئاب داعش دەستی بەسەر قەرەقوشدا گرت کە گەورەترین شاری مەسیحیەکانە لە باکوری عێراق وە بوە هۆی ئاوارە بونی 100000 مەسیحی . هەروەها هێرشکردنە سەر کریستیانەکان لە شاری ئەلکوش بوە هۆی ئاوارەبوونی کریستیانەکان. بەنزیکەیی هەموو کریستیانەکانی ناوچەکانی ژێردەستی داعش هەڵاتون کە زۆربەیان بۆ هەرێمی کوردستان هاتون. هێرشی مانگی ئابی 2014 لەلایەن داعشەوە بۆ سەر شنگال کە گەورەترین شاری یەزیدیەکانە کە دەکەوێتە پارێزگاری نەینەوا لە باکوری عێراق بووە هۆی بەکۆمەڵ کوشتنی یەزیدیەکان و کریستیانە ئاشوریەکان و شیعە و خەڵکی تر سەرباری وێرانکردنی شوێنی ئایینی کە مێژویان بۆ چەندین سەدە پێش ئێستا دەگەرێتەوە. یەزیدیەکان بە USCIRF یان وت کەوا هێزەکانی کوردیەکان کە شارەکەیان دەپاراست لەکاتی شەودا شارەکەیان چۆل کرد و ئەوانیان بەجێهێشت بەبێ‌َ بەرگری

کاتێك داعش لە شارەکە نزيك بۆوە. بەگوێرەی راپۆرتی نەتەوە یەکگرتوەکان 200000 هاوڵاتی کە زۆربەیان یەزیدی بوون لە شاری شنگال هەڵاتن بۆ چیای شنگاڵ کە هێزەکانی داعش گەمارۆی دان. پیاو و ئافرەت و منداڵ لە چیای شنگاڵ گیریان خوارد بەبێ بوونی رێگایەك بۆ هەڵاتنیان لەگەڵ بونی برێکی کەم لە خۆراك و ئاو و پەناگە تەنها ئەم خۆراکە نەبێت کە لەلایەن هێزەکانی عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە لە رێگەی ئاسمانەوە بۆیان دابین دەکرا. بەگوێرەی راپۆرتەکان 500 یەزیدی کوژران وە دەیانی تر بەهۆی برسیەتی و نەخۆشیەوە مردن. ئاگاداری داعیش بۆ یەزیدیەکان بریتی بوو لە مردن یان بون بە مسوڵمان بەبێ بوونی بژاری رۆیشتن یان دانی باج و جزیە چونکە ئەوان وەکو خەڵکی پەرتوك ( ئەهل و لکیتاب ) هەژمار نەدەکران. سەرباری ئەمەش هەزارەها ئافرەت و کچی یەزیدی لەوانەش ئەوانەی کە نەگەیشتبونە تەمەنی باڵق بوون رفێنران و ئەتککران یان وەکو بەندی سێکس فرۆشران یان کوژران. هێزەکانی پێشمەرگە بە هاوکاری هێرشە ئاسمانیەکانی ئەمریکا توانیان لە کۆتاییدا گەمارۆی داعیش بۆ سەر چیای شنگاڵ بشکێنن لە مانگی دیسێمبەری 2014 . هێزەکانی پێشمەرگە رایان گەیاند کە گۆری بەکۆمەڵیان لە ناوچەکە دۆزیوەتەوە.
هەروەها داعش ئەم مسوڵمانە سونانەش دەکوژێت کە ناکۆکن لەگەڵ ئایدەلۆژیای توندرەوی ئەوان. لە مانگی ئۆکتۆبەری 2014 وە150 مسوڵمانی سونی لە هۆزی ئەلبو نەمر لە گۆرستانێکی بەکۆمەڵ دۆزرانەوە ، وە لە حالەتێکی جیاوازدا چەند هەفتەیەك لەمەوبەر 70 لاشەی تر لە هەمان هۆز دۆزرایەوە. هەروەها داعش بەلایەنی کەمەوە 12 پیاوی ئایینی سونی کوشت ئەوانەی کە ئایدەلۆژیا توندرەوەکەی ئەوانیان رەتکردەوە وەیان هەوڵیاندا یارمەتی کەمینە ئاینیەکان بدەن یان بیانپارێزن.
هەروەها کەسانی تر بێجگە لە داعش کە سەر بەحکومەت نەبوون هێرشی دژە ئایینیان ئەنجامداوە. ساڵی 2014 هەروەك ساڵانی تر ژمارەیەك لە هێرشی توندوتیژی دژ بە زۆرینەی شیعە لە وڵات ئەنجامدا ، لەوانەش هێرش کردنە سەر بۆنە ئایینیە گرنگەکان. ئەگەر هەیە ئەم هێرشانە لەلایەن گروپە سونیە توندرەوەکان ئەنجامدرابن هەرچەند ئەنجامدەری هێرشی دیاریکراو زۆر جار نازاندرێت. بۆ نمونە لە 22 ی مایس چەندین هێرش لە بەغدار و دەوروبەری بوە هۆی کوشتنی 35 و بریندار کردنی دەیان سەردانکەری ئایینی شیعی کە دەچوون بۆ مەزارێك لە کازمیە.

**سەرپێچیەکانی حکومەتی عێراقی:** حکومەتی عێراقیش لەژێر فەرمانرەوایی سەرۆك وەزیران مالیکی و سەرۆك وەزیری ئێستا حەیدەر عەبادی پێشێلکاری دژ بە مافی مرۆڤیان ئەنجامداوە ، لەوانە ئەشکەنجەدان و کوشتنی نایاسایی هاوڵاتی و بەندکراوە سونەکان. سەرباری ئەمەش ، حکومەت چەك و پارە بە میلیشیا شیعەکان دەدات بۆ شەرکردن لەگەڵ داعش کە لەدەرەوەی چوارچێوەی یاسایی و بە ئازادی کار دەکەن. گروپەکانی مافی مرۆڤ و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان تاوانی لەسێدارەدانی راستەوخۆ و تاوانی درندانەی تریان لە بەڵگەنامە تۆمارکردوە کە لەلایەن ئەندامانی ئەم گروپە میلیشیایانەوە ئەنجامدراوە دژی هاوڵاتیانی سونی. لە راپۆرتی ئۆکتۆبەری 2014 ، رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی گروپی عەسایب ئەلحەق و فەیلەقی بەدر و سوپای مەهدی و کەتیبەکانی حیزبولای وەکو ئەنجامدەری پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لەوانە کوشتنی بەکۆمەڵی هاوڵاتیانی سونی ناوهێناوە.

**سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا**

دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لە مانگی دیسێمبەری 2011 ، بونی ئەمریکا لە عێراق بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کرد لەنێوان 2012 و 2014 . بەڵام سەرهەڵدانی داعش و پێکهێنانی حکومەتێکی نوێی عێراق لە 2014 وای لە ئەمریکا کرد جارێکی تر بەشداری خۆی فراوانتر بکات لەوانە زیاد کردنی هاریکاریە مرۆییەکان و هێرشە ئاسمانیەکان و پێشکەش کردنی مەشق و راهێنان و هاریکاری بە هێزە عێراقیەکان.
دوای چەندین ساڵ لە پاڵپشتی کردنی مالیکی ، بەرپرسانی ئەمریکی لە ناوەراستی 2014 وە رایانگەیاند کە هەست دەکەن مالیکی چیتر ناتوانێت عێراق بەرێوە ببات بەهۆی کردەوە ستەمکاری و تایفیەگەریەکانی حکومەتەکەی ، وەپاڵەپەستۆیان خستە سەر مالیکی بۆ دەست لەکارکێشانەوە بۆ رێگەدان بە پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ. لە مانگی ئابی 2014 مالیکی دەستی لەکار کێشاوە و حەیدەر عەبادی وەکو سەرۆکی وەزیر لەلایەن سەرۆك فواد مەعسومەوە دیاریکرا.

داعش لە مانگی ئابی 2014 وە دوای هێرشەکانی داعش لە باکوری عێراق کە یەزیدی و کەمینەکانی تر کردە ئامانج و کارمەندانی حکومەتی ئەمریکی لە هەولێر خشتە ژێر مەترسیەوە ،وای کرد ئەمریکا هێرشی ئاسمانی ئەنجام بدات کە یەکەمجار بوو دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ساڵی 2011. سەرباری ئەمەش سوپای ئەمریکا دەست کردن بە بەردانەوەی خۆراك و ئاو بۆ هەزاران خەڵکی گەمارۆدراو لە چیای شنگاڵ. لە هەمان مانگدا حکومەتی ئەمریکی رایگەیاند کە چەکی سوك و تەقەمەنی پێشکەشی هێزەکانی پێشمەرگە دەکات وە دەستی کردن بە ناردنی راوێژکار و راهێنەر بۆ هاریکاری کردنی هێزەکانی حکومەتی عێراقی. سەرباری ئەمەش لە مانگی ئابی 2014 ، رێکخراوی USAID تیمی هاریکاری کردن لە قەیرانەکان (DART)ی لە ناوچەکە بڵاوکردەوە بۆ هەماهەنگی کردن لەگەڵ هەوڵە مرۆییەکانی ئەمریکا بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی ئاوارەکان. بەگوێرەی راپۆرتی خزمەتی گوزاری لێکۆڵینەوەی کۆنگرێس بۆ مانگی شوباتی 2015 ، نیزکەی 3100 کارمەندی مەدەنی ئەمریکی لە عێراق بڵاوکراونەتەوە. ئێستا ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا سەرکردایەتی هاوپەیمانیەتیەك دەکات کە 60 وڵات لەخۆ دەگرێت بۆ شەرکردن لەگەڵ داعش و وەستاندنی.
زۆربەی ئەم وڵاتانی هێرشی ئاسمانی تایبەت بەخۆیان ئەنجام دەدەن و چەك و راهێنانی پێشکەش بە هێزەکانی عێراق و هێزە کوردیەکان دەکەن و هاریکاری مرۆیی دابین دەکەن و کاردەکەن بۆ برینی سەرچاوە داراییەکانی داعش. لە مانگی ئەیلول/ سپتێمبەری 2014 سەرۆك ئۆباما جەنەراڵی خانەنشین جۆن ئالنی وەکو وەفدی تایبەتی سەرۆك بۆ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەرەنگاربونەوەی داعش دیاری کرد.

سەرەرای ئەمەش ، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا سەرکردایەتی هەوڵێکی نێودەوڵەتی دەکات بۆ دابین کردنی هاریکاری بۆ ئەم هاوڵاتیان داعش ناچاری کردوون ماڵ و موڵکیان بەجێ بهێڵن ئەوانەی کە ئێستا لە ناوەوەی عێراق بێ شوێن بوونە یان ئاوارەی وڵاتانی دراوسێ بوونە. خزمەتگوزاری لێکۆڵینەوەی کۆنگرێس رایگەیاندوە کە کۆی بری پارەی مرۆیی حکومەتی ئەمریکی لە ساڵی 2014 و 2015 ( لە 19ی دیسێمبەری 2014 ) وە زیاتر بوو لە 213.8 میلیۆن دۆلار .
هەروەها ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەردەوامە لە جێگیرکردنەوەی ئاوارە عێراق لە ئەمریکا. بەگوێرەی ئامارەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ، 19769 عێراقی لە خاکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا جێگیر کردوە لە ساڵی 2014 کە زۆترین ژمارەیە لە هەر تاکە وڵاتێك.
لەم ساڵانەی دواییدا حکومەتی ئەمریکی هەوڵیداوە هاریکاری پێشکەش بکات بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشانەی کە روبەروی کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکانی عێراق دەبنەوە. لەوەتەی ساڵی 2008 وە ، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا چەندین بەرپرسی لە واشنتۆن و بەغدا دیاریکردوە بۆ هەماهەنگی کردنی هەوڵەکانیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمینەکان. لە واشنتۆن ئەم بەرپرسیاریەتیە ئێستا سپێردراوە بە وەفدی تایبەتی سەرۆك بۆ هاوپەیمانی جیهانی بەرەنگاربونەوەی داعش. هەروەها ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا یارمەتی دارایی پێشکەش کردوە بە هەوڵەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ هاریکاری کردنی کەمینەکانی عێراق ، وەکو بەرنامەی پاڵپشتی بۆ کەمینەکان لە عێراق (SMI) کە لەگەڵ گرویی کەمینەکان کاردەکات بۆ هاریکاری کردنیان لە باشتر نوینەرایەتی کردنی خۆیان لە کۆمەڵگەی مەدەنی. سەرەرای ئەمەش دوای کاتی راپۆرتەکان ، ئالیکاری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ و کار تۆم مالینۆویسکی و باڵوێزی نێودەوڵەتی بۆ ئازادی ئایینی نێودەوڵەتی دەیڤید ساپێرستیان نیگەرانی خۆیان نیشاندا دەربارەی بابەتی کەمینەکان ئەم دەستدرێژیانەی لەلایەن میلیشیا شیعیەکان ئەنجامدرا لە کاتی سەردانی لە مانگی شوباتی 2015 بۆ عێراق.

**رێنماییەکان**

سەرباری رێنمایی کردنی حکومەتی ئەمریکی بۆ دیاریکردنی عێراق وەکو وڵاتی سەرچاوەی نیگەری ، USCIRF ئەم رێنماییانەی خوارەوەی راگەیاند بەوەی کە پێویستە حکومەتی ئەمریکی:.

- پاڵشتی یان داوای ئیحالەکردنێك بكات لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەكگرتوەكان بۆ دادگای تاوانەكانی نێودەوڵەتی بۆ لێكۆڵینەوە لە پێشلێكاریەكانی داعش لە عێراق و سوریا دژی كەمینە ئایینی و نەتەوەییەكان بە پەیرەوكردن و لاسایی كردنەوەی نمونەكانی سودان و لیبیا ، یان هاندانی حكومەتی عێراقی بۆ قبوڵ كردنی بریاری دادگای نێودەوڵەتی بۆ لێكۆڵینەوە لە پێشێلكاریەكانی داعش لە عێراق دوای مانگی حوزەیرانی 2014 ;

- دڵنیابێتەوە لەوەی كە هەوڵەكانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونی داعش چەند هەنگاوێكی پاراستن و هاریكاری كردنی كەمینە نەتەوەیی و ئایینیەكان لەخۆ بگرێت و هاریكاری هێزە ئەمنیەكانی حكومەتی عێراقی و هەرێمی كوردستان بكات بۆ دابین كردنی ئاسایش بۆ پاراستنی ئەم خەڵكەی بەهۆی تایفە یان ئایینەوە دەكرێنە ئامانج ;

- پەرە بە پلانێكی فراوانی حكومەت بدات بۆ پاراستنی كەمینە ئاینیەكان لە عێراق و یارمەتی دروستكردنی كەشێكی ئارام بدات بۆ گەرانەوەیان بۆ ماڵەكانیان. هەروەها باڵوێزی نێودەوڵەتی بۆ ئازادی ئایینی جیهانی رابسپێرێت بە بەشداری گروپی پەیوەندی هاوبەش لەنێوان دەزگا حكومیەكان بۆ ئازادی ئایینی یان باوەر بۆ هەماهەنگی كردنی لەنێوان هەوڵی هاوشێوە لەلایەن حكومەتەكانی تر ;

- هانی حكومەتی عێراقی بدات بۆ دروستكردنی چەند پێكهاتەیەك بەمەستی بەوردی چاودێری كردن و لێپرسینەوە لە میلشیا شیعەكان بۆ ئەوەی سەرپێچی مافەكانی مرۆڤ نەكەن دژی هاوڵاتی مەدەنی سونە یان كەمینە ئاینیەكان ، وە لێكۆڵینەوە بكەن و ئەنجامدەران بداتە دادگا كاتێك پێشێلكاری روو دەدات ;

- لەگەڵ هەمو هاریكاریەكی سەربازی و ئەمنی بۆ حكومەتی عێراقی و حكومەتی هەرێمی كوردستان مەرجێك دابنێت بەوەی كە هێزە ئەمنیەكان رەنگدانەوەی فرە ئایینی و نەتەوەیی وڵات بن ، وە راهێنان پێشكەش بە یەكەكان بكات لەسەر ستانداردەكانی مافی مرۆڤی جیهانی و چۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ هاوڵاتیان بەتایبەتی كەمینە ئایینیەكان;

- بەردەوام بێت لە راسپاردنی بەرپرسانی باڵوێزخانە رابسپێرێت بۆ كۆبونەوە و دیتنی كۆمەڵگەی كەمینە ئاینیەكان و كار لەگەڵ حكومەتی عێراقی و ئەم كۆمەڵگەیانە و نوێنەری سیاسی مەدەنیەكانیان بكات بۆ یارمەتیدانیان لە گەیشتن بە رێكەوتن لەسەر پێوەرەكانی پێویست بۆ زامن كردنی ماف و ئاسایشیان لە وڵات ;

- هانی لایەنەكان بدات مەرجی پاراستنی مافەكانی هەموو عێراقیەكان و كۆتایی هێنان بە جیاوازی رەگەزپەرستی بكەنە بەشێك لە دانوسانی نێوان حكومەتی هەرێمی كوردستان و حكومەتی عێراق لەسەر ناوچە ناكۆكەكان ، وە پاڵەپەستۆ بخاتە سەر حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ لێپرسینەوە لەم سەرپێچیانەی دەوترێت ئەنجامدراون دژی كەمینەكان لەلایەن بەرپرسیانی كوردی لەم ناوچانە;

- زەخت بكاتەوە لەسەر ئەوەی بەرنامەكانی ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا لە عێراق هانی ئازادی ئایینی و لێبوردن بدەن و دڵنیابێتەوە لەوەی كە كۆمەڵگە فەرامۆشكراوەكان سود لە هاریكاری ئەمریكا و پەرەپێدانی نێودەوڵەتی ببینن ;و

- بەردەوام بێت لە جێگیركردنی ئاوارە عێراقیە لێقەوماوەكان لەسەر خاكی ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا لەوانە ئەمانەی كە بۆ سوریا هەڵاتون بەڵام ئێستا لە وڵاتی سێیەم ئاوارەن . وە چاوپێكەوتن لەگەڵ داواكارانی پەنابەری بكات لەرێگەی ڤیدیۆ كاتێك ناكرێت چاوپێكەوتنی راستەوخۆ ئەنجام بدرێت بەهۆی باری ئەمنیەوە ، وە سەرچاوەی پێویست دابین بكرێت بۆ وەزارەتی ئاسایشی ناوخۆیی و دەزگاكانی تر بۆ خێراتر بەرێوەبردنی داواكاریەكان و

ئەنجامدانی پشکنینی باکگراوندی ئەمنی بۆ ئاسانتر کردنی جێگیرکردنی ئاوارەکان بەبێ بەشداری کردنی ئاسایشی نیشتمانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

**راگەیاندنی نارەزایی لەلایەن جێگری سەرۆك جەیمس زۆگبی:**

من نارازیم لەگەڵ بریاری ناونانی عێراق وەکو وڵاتی سەرچاوەی نیگەرانی تایبەتی لەبەر دوو هۆ.

یەکەمیان چونکە ئەمرۆ پێشێلکارانی سەرەکی ئازادی ئایینی لە عێراق بریتین لە کەسانی ناحکومی وەکو دەوڵەتی ئیسلامی داعش و میلیشیا تایفیەکان کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەندی کار دەکەن. هەردوك دەوڵەتی ئیسلامی و میلیشیا چەکدارە تایفیەکان کاری توندوتیژیان خەڵکی دژە باوەری ئەوان ئەنجامداوە ، وە بەتایبەتی دەوڵەتی ئیسلامی کە جینۆسایدی دژ بە کریستیانەکان و کەمینە ئایینە مەترسی لەسەرەکان ئەنجامداوە.

لە کاتی ئێستادا ئیدارەی ئەمریکی کار لەگەڵ حکومەتی عێراقی دەکات بۆ شکستهێنان بە داعش بۆ پێکهێنانەوەی سوپایێکی ناتایفی و بۆ ئەنجامدانی چاکسازی سیاسی کە ببێتەهۆی پێکهێنانی حکومەتێکی زیاتر گشتگیر. راگەیاندنی عێراق وەکو وڵاتی سەرچاوەی نیگەرانی تایبەتی هاریکاری ئەم هەوڵە ناکات.

هۆی دووەم ئەوەیە کەمن دژی ئەمەم چونکە خۆبەزلزانین بوو وای لە ئیداری بوش کرد عێراق داگیر بکات و لەو باوەرەدا بێت کە دەتوانێت پێکهاتەی فەرمانرەوایی دەوڵەت دووبارە دابمەزرێنێتەوە. دروست بوونی میلیشیای تایفی تاوانکار لەسەر چاوی ئێمە لە ناوەراستی دەیەی رابردوو ، هەروەك کە پاکتاوی تایفیان ئەنجامدا کە بوە هۆی ئاوارەکردنی یەك لەسەر پێنجی دانیشتوانی ووڵات و پەناهەندە بوونی دوو لەسەر سێی کریستیانەکانی عێراق.

ئەم پرسیاری دەبێت ئێستا لەخۆمانی بکەین ئەوەیە : ئایا ئێمە کاتێك عێراقمان بەجێهێشت هەمو شتێکمان لە توانای خۆمان ئەنجامدا بۆ دڵنیابوون لەوەی وڵات لەسەر رێگەی ئاشتەوایی نیشتیمانی و حکومەتێکی گشتیر بوو؟ لەبەر ئەوەی وەڵامەکە روونە ئەویش ئەم شتەمان ئەنجام نەدا، بۆیە شتێکی هەستیار نیە بۆ ئێمە لە کاتی ئێستا ئەم وێرانکاریەی لەدوای خۆماندا بەجێمان هێشت ناو بنێین وەکو وڵاتی سەرچاوەی نیگەرانی تایبەتی.

لەم کاتەی ئەنجامدەرانی ناحکومی تاوانەکان شایەنی ئیدانەکردنی ئێمەن ، ئەوەی حکومەتی عێراق لەکاتی ئێستا لە ئێمەی دەوێت بریتیە لە پاڵپشتی سەربازی و سیاسی کە ئێمە پێشکەشی دەکەین بۆ شکستپێهێنان بە داعش و رێکخستەوەی ماڵی عێراقیەکان.